# ژنە کوردێک بە باشترین چیرۆکنووسی سوریە دەناسێندرێ



وەجیهە عەبدولرەحمان سەعید، لە دایک بووی شاری دێرکی رۆژئاوای کوردستان، ئێستا وەک باشترین چیرۆکنووسی وڵاتی سوریا دەناسرێ، تا ئێستا چەندین خەڵاتی لەبواری کورتە چیرۆکدا بەدەست هێناوە.

سەبارەت بەوەی کە بۆچی بە زمانی عەرەبی دەنووسێ، دەڵێ: 'من کوردم و شانازی پێوە دەکەم و حەز دەکەم بە زمانی خۆم بەرهەمەکانم بەهاونیشتمانیانم بگات، بەڵام بە عەرەبی دەووسنم چونکە تێیدا باڵا دەستترم، دەتوانم لەو رێیەوە پەیامی خۆم بە جیهانی عەرەب و کوردو تێکڕای جیهان بگەیەنم. من وەک نووسەرێکی کورد گەیاندنی پەیام لە زمان بە گرنگ تر دەبینم.

# کامکارەکان چالاکیەکانیان چڕتر دەکەنەوە

سەرچاوەکانی هەواڵ لە زاری هۆشەنگ کامکارەوە ئاشکرایان کردوە کە گروپی کامکارەکان لە نێوەڕاستی ئەمساڵ چەندین کۆنسێرت لە چەندن وڵاتی جیاوازی جیهاندا بەڕێوە دەبات.

بەگوێرەی زانیاریەکان گروپی کامکارەکان رۆژی٦-٧-٢٠١٠ لە فێستیڤاڵی نێونەتەوەیی "فۆرد" ی ئۆسلۆی نۆریوژ بەشدار دەبن، لە هەردوو بەشی بەشی فارسی و کوردی بەرنامەی تایبەت پێشکەش دەکەن. دواتر لە رۆژی ٢١ی تەمموز لە شاری لەندەنی پێتەختی بەریتانیادا کۆنسێرتێک ساز دەکەن، هەمان کۆنسێرت لە شاری تارانی پێتەختی ئێران دووپات دەکەنەوە. هەروەها لە دواییشدا بەهاوکاری هونەرمەند عەدنان کەریم کۆنسێرتێکی تایبەت لە شاری بەغدادی پێتەختی عێراق بەڕێوە دەبەن.

# ژنی عەرەب لە کلیپی کوردی،ژنی روسیش لە کلیپی عەرەبی

لای کوردستانیان ئاشکرایە کە زۆربەی هونەرمەندە کوردەکان، بەتایبەتیش گۆرانیبێژەکانی باشووری کوردستان بۆ کلیپکردنی گۆرانیەکان پەنا بۆ وڵاتانی سوریاو تورکیا دەبەن و لەوێ ژنی بیانی بەتایبەتیش ژنی عەرەب بەشداری پێدەکەن، هەروەها زۆربەی ئەو کلیپانەی لە نێوخۆی باشوری کوردستانیشدا لەلایەن کۆمپانیاو کەناڵەکانی راگەیاندندا بەرهەم دەهێنرێن، هەر ژنی عەرەب سەمایان بۆ دەکات و خۆیانی پێوە بادەدەن. ئەو دیاردەیە بۆتە مۆدیل و رۆژ دوای رۆژ برەوی زیاتری پێدەدرێ، هەرچەندە شارەزایان پێیانوایە کە بینەر لەبەر سەماو نمایشی ژنەکان سەیری کلیپەکان دەکەن، دەنا زۆربەی گۆرانیەکان لە ئاستێکی نزم دان و هۆنراوەکانیش تاموچێژیان تێدانیە. هەندێک لە هونەرمەندە رەسەنەکان ئەو دیاردەیە بە ترسناک ناودەبن و دەخوازن کە چیتر ڤیدیۆ کلیپی لەو بابەتە بەرهەم نەهێرێن، بەڵام گۆرانیبێژە لاوەکان بە تاسەوە ئاوات بەوە دەخوازن کە بەو شێوازە گۆرانیەکانیان کلیپ بکەن، بەتایبەتیش کە راستەوخۆ پێشان دەدرێ کە ژنان لەنێو کلیپەکاندا خۆیان لە باوەشی گۆرانیبێژەکە دەهاوێن و دەیلاوێننەوە!

هەر سەبارەت بەو دیاردەیە لە هەفتەی رابردوو سەرچاوەکانی هەواڵی عەرەبی نیگەرانی خۆیان لەوە دەربڕی کە هەندێک گۆرانیبێژی عەرەب بۆ کلیپکردنی گۆرانیەکانیان پەنا بۆ ژنی رووسی دەبەن، هەرچەندە کە ژنە رووسەکان ناشزانن بە باشی سەمای رۆژهەڵاتی بکەن و وەک عەرەبێک خۆیان بنوێنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە لەش و لاریان رێک و لەبارە، هونەرمەندە عەرەبەکان ئاوات بەوە دەخوازن کە ئەو ژنانە بەشداری لە کلیپەکانیاندا بکەن، چۆن هەندێک لە هونەرمەندانی کورد دەخوازن ژنی عەرەب لە کلیپەکاندا باوەشیان پێدا بکەن، بەهەمان شێوەش هەندێک گۆرانبێژی عەرەب دەخوازن کە ژنە رووسەکان باوەشیان پێدابکەن و ماچیان بکەن، تەنانەت هەندێک دەرهێنەری عەرەبی هەوڵی زۆر دەدەن تا ژنە روسە گۆرانیبێژەکان بۆ ناو جیهانی گۆرانی عەرەبی رابکێشن. لەو پێوەندەدا سەرچاوەکانی هەواڵ ئاماژەیان بەوە کردوە کە هونەرمەندی روسی **جولیا نایدنکۆ** سەرقاڵی ئامادەکاریە بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەم ئەلبومی خۆی بە زمانی عەرەبی.



جێی ئاماژەیە کە نادینکۆ چالاکیەکانی خۆی بە هاوکاری هونەرمەندی لوبنانی عەبدولسەلام ئەلخێر ئەنجام دەدات.. ئەمەش یەکێکە لە دیاردە نەخوازراوەکانی جیهانگیری.

# شوێنێک بۆ یاری، خەڵاتی فێستیڤاڵی کەنداو مسۆگەر دەکات



پاڵەوانی فیلمی شوێنێک بۆیاری رایگەیاند کەفیلمەکەیان لەفیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کەنداوی سینەمایی توانیویانە لەنێو ٥٤ نمایشی فیلمی ماوە درێژدا پلەی یەکەم بەدەستبهێنن.

شوان عەتووف لەپەیوەندییەکی تەلەفونیدا لەدوبەی پایتەختی ئیماراتەوە، راگەیاند "ئێوارەی رۆژی چوار شەممە ١٤ی نیسان کۆتایی بەفیستیڤاڵی کەنداو هات کە ١٥٤ فیلمی کورت و درێژو دۆکۆمێنتەری تیادا نمایشکرا".

ناوبراو وتی "لەنێو ٥٤ فیلمی ماوە درێژدا فیلمی شوێنێک بۆیاری کەلەدەرهێنانی هونەرمەند شەوکەت ئەمین کورکییە توانی سەرەنجی لیژنەی دادوەری رابکێشێتو بەهۆی بەهێزی بواری دەرهێنەرو سیناریۆو نواندنەوە توانی پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت خەڵاتی یەکەمین فیلمی ماوە درێژ وەربگرێت".

شوان عەتووف رونیکردەوە"کە لەنێو چەپڵەرێزانو هاندانێکی زۆری ئامادەبووواندا شەوکەت ئەمین کورکی خەڵاتەکەی پێبەخشرا".

عەتووف وتیشی "خەڵاتی دووهەم بۆ فیلمی ماوە درێژ بەخشرا بەفیلمی المحنە، کەلەدەرهێنانی حەیدەر رەشیدو بەرهەمی وڵاتی ئەمەریکاو عێراقو ئیتالیابوو".

هەروەک ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کەخەڵاتی تایبەتی دادوەران بەخشرا بەفیلمی دار الحی کەلەدەرهێنانی عەلی مستەفاو بەرهەمی وڵاتی ئیمارات بوو".

شوان عەتووف رایگەیاند کەهەر لەنێو فیستیڤاڵەکەدا خەڵاتی رێزلێنان بەخشرا بەنوسەری هونەرمەندی گەورەی عێراقی خەلیل شەوقیو هەروەها خەڵاتی رێزلێنانی میهرەجان بەهەردوو هونەرمەندی ژن رزیقە تارشی ئیماراتیو حەیات فەهدی کوێتی بەخشرا.

بەپێی بەڵگەنامەکانی فیستیڤاڵ کەژمارەیەکیان نێردراوە بۆ ئاژانسی سەربەخۆی (ئەصوات ئەلعراق) شوان عەتووفی هونەرمەندی ناسراوی کورد وەک سۆپەر ستاری عێراق لەلایەن فیستیڤاڵەوە پێشوازی لێکراوە.

فیلمی شوێنێک بۆیاری لە سیناریۆ و دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکیو لەنواندنی شوان عەتووفو گۆڤار ئەنوەرو ژیان ئیبراهیمو سوهیلە حەسەنو رۆژان حەمە جەزاو ناسر حەسەنو عومەر چاوشینو سیروان جەلالو ئەندریاس کۆفمانو دەوەن نەوزادو چەندین ئەکتەری ترە.

فیلمەکە لەلایەن سالم سەلواتی وێنەگیراوەو کاتەکەی ٨٠ دەقیقەیە کەبەچڕی باس لەژیانی ئاوارەکانی کەرکوک دەکات لەنێو یاریگایەکی نێودەوڵەتیدا کەچۆن ژیان ئەگوزەرێننو خەوناکانیان بەچی دەهێننە دی.

فیلمی سینەمایی شوێنێک بۆ یاری لەیاریگای نێودەوڵەتی شاری کەرکوک وێنەگیراوە لەچواردەهەمین فیستیڤاڵی نێونەدەوڵەتی پووسان لەکۆریای باشور خەڵاتی ٣٠ هەزار دۆلاری بەشی (رێرەوە نوێیەکان)ی بەدەستهێناوە.هەروەها لەکۆتایی ساڵی رابردووشدا خەڵاتی رێزلێنانی تایبەتی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی دوبەی سینەمایی لەنێو ١٥٥ فیلمی تردا بەدەستهێنا.

شوان عەتوف وتی" چیرۆکی ئەم فیلمە گرێدراوە بەیاری تۆپی پێو کاریگەری شەڕ لەسەر ژیانی ئاوارەو گەنجەکان".

هەروەها وتی"شوێنێک بۆ یاری بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ کاری دەرهێنانو وێنەگرتنی لەلایەن ستافێکی کارەوە بۆ ئەنجامدراوە".

**سیروان غەریب**

# ژوانگە

## تووڕەبوون

دیارەی تووڕەبوون لە هەموو مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بەڵام لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕدرێ، تەنانەت هەندێک لە ئاژەڵ و گیانلەبەرانیش تووڕە دەبن و بە رقەوە رەفتار دەکەن، بەڵام تا ئێستا رێژەی ئەوانەی کە دانی پێدادەنێن و لە دوای تووڕەبوونەکەیان داوای بەخشین و بوردن لەبەرانبەرەکەیان دەکەن، هەژمار نەکراوە. ئایا تووڕەبوون پەیوەندی بە خەسڵەتەکانی فسیۆلۆژی، سایکۆلۆژی و ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیریەوە هەیە یان لەژێر کاریگەری ژینگەو دابونەرێتدا وەبەرهەم دێ، خۆی دەنوێنێ و دەرسکێت؟!

ئێمە وەک تاک و وەک نەتەوە چەند هەست بە تووڕەبوونی خۆمان دەکەین؟! چەندە دەکارین جڵەوی تووڕەبوون بە دەستمانەوە بگرین و شلی نەکەین؟!

زۆر جاران باس لەوە دەکرێ کە تاکی کوردستانی زوو تورە دەبێ و هەڵدەچێ، هەندێکیان کە تووڕە دەبن بەشی ئاشتەوایی ناهێڵنەوە، بەڵام ئایا رێژەی تووڕەبوون لەنێو مرۆڤی ئاساییدا بەرزترە یان لەنێو مرۆڤی سیاسەتکارو سیاسەتمەدارو رۆشنبیردا؟!

تووڕەبوون وەک هەر دیاردەو نەخۆشییێکی دیکە، رەهەندی جیاوازی هەیە، هەندێک لە تووڕەبوونەکان کێشەو گرفتی گەورەیان لێدەکەوێتەوە، هەندێکیشیان بەدوو وشەی خۆش و جوان کۆتاییان پێدێ.

بێگومان هەر رەفتارو هەڵسوکەوتێک کە لە کاتی تووڕەبووندا دەردەکەون و خۆیان دەنوێنن، ئاسایی نین و چاوەڕوانی شتی باشیان لێناکرێ، بەڵام هەموو تووڕەبوونێکیش بەبێ هۆو لە خۆڕاوە سەر هەڵنادات.

زۆربەی جاران تووڕەبوون وەک کاردانەوەی رەفتارێکی نەشیاو، یان بەهۆی لە ئاکامی دەربڕینی رستەو دەستەواژەیەکی نابەجێوە سەر هەڵدەدەن و خاوەنەکەیشی دووچاری شەرمەزاری و پەشیمانی دەکەنەوە.

شارەزایان رێژەو جۆری تووڕەبوون پۆلێن دەکەن و یەک پێوانەیان بۆ ناکەن، بەڵام سەرجەم تووڕەبوونەکان بە کارێکی ناڕاست لێکدەدەنەوە، بۆ ماندووبوونی دەروونی و جەستەیی دەگێڕنەوە.

ئەگەر بەو لێکدانەوەیە بێ، دەبێ رێز لە تووڕەبوونی تاکەکانی نەتەوەی کورد بگیردرێ، چونکە مرۆڤەکان لە کۆمەڵێکی داگیرو ستەم لێکراودا نەک ماف و ئازادیەکانیان لێزەوت دەکرێ و بێڕێزی بە ویست و داخوازیەکانیانەوە دەکرێ، بەڵکو شکۆو سەروەریشیان لەکەدار دەکرێ، بەوهۆیەشەوە کانی تووڕەبوون دەتەقێتەوە.. بەڵام ئایا تووڕەبوونەکان بەڕووی دۆست و ناحەزو دوژمنیش هەر لەیەک ئاستدا خۆیان دەنوێنن یان بەرزو نزمی، نەرم و رەقی،گەرم و ساردیان هەیە؟!

تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و گشتگیر لەسەر هۆکاری ئەو تووڕەبوونانە نەکراوە کە رۆژانە سەدان و هەزاران کوردستانی دووچاری کێشەو گرفت، شەڕو پێکدادان و رووبەڕووبونەوە دەکەنەوە.

لەم دواییانەدا لە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیدا بەریتانیەکان کە نەتەوەیەکی شارستانی، مۆدرێن و پێشکەوتوون دانیان بەوەدانوە کە نەتەوەیەکی تووڕەن، بە چووکەترین شت هەڵدەچن و کۆنترۆڵی خۆیان لەدەست دەدەن، بەڵام ئێمەی کوردستانی هێشتا ماومانە لە لێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوەدا دان بەراستیەکان دابنێین و باس لە تووڕەبوونی خۆمان بکەین و بەناڕاستی بزانین. هەرکاتێ جڵەوی تورەبونمان پێ کۆنترۆڵ بکرێ، هەنگاوەکانی بەرە پێشەوەچوون خۆیا دەبن.

**کەریم تاقانە**